



# هاوڵاتی

www.hawlati.info


ڕیکلام

**مژده.. مژده**

**ئاگادارییەك لە (كۆمپانیای بەرێز)ەوە**

كۆمپانیای بەرێز مژده دەدات بە دانیشتوانی چەمچەماڵ/ شۆڕش بەم زوانە پرۆژەی دروستكردنی (هەزار) یەكە بەسەرجەم خزمەتگوزارییەكانییەوە لەژێر ناوی (شاری چەرموو) دەكەوێتە قۆناغی جێبەجێكردنەوە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بكەن بە كەمپی پرۆژە لە نزیك شوقەكانی شۆڕش یان بەم ژ. تەلەفۆنانەوە:

(٠٧٧٠١٥٠٦٥٦١-٠٥٧٠١١٨٥٢٩٦-٠٧٤٨٠٤١١٦٥٢)

یان ئیمەیلی: bareaz2005@yahoo.com


ژمارە (٤٥١) یەكشەممە ٢٠٠٨/٨/٢٤ ڕۆژنامەیەكی سیاسیی گشتیی ئەهلییە چاپخانەی ڕەنج دەریدەكات نرخ (٧٥٠) دینار تیراژ (١٢٠٠٠) دانە

# د.مەحمود عوسمان: دەبێت حكومەت بەپرۆژەی خزمەتگوزاریی هانی خەڵك بدات

# د.سەلاح عەزیز: چاودێران پێیانوایە دیموكراسی لەبەغدا زیاترە لەكوردستان

**تایبەت بەهاوڵاتی:** دوای هەڕەشەكردنی موچە بڕین لەفەرمانبەران پەرلەمانتارێكی كورد بەپێویستی دەزانێت حكومەتی هەرێم لەڕێگەی پێشكەشكردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریو دابینكردنی دادپەروەرییەوە، هانی خەڵك بدات بۆ سەردانیكردنی بنكەكانی دەنگدان نەك هەڕەشەو ترساندن. چاودێرانی سیاسیش جەخت لەوە دەكەنەوە كە دیموكراسی لەبەغدا زیاترە وەك لەكوردستان و ئەوەش وایكردووە كە ئەمەریكا زیاتر پشتگیریی حكومەتی ناوەند بكات.

دوای ئەو هەڕەشانەو درێژكردنەوەی وادەی تۆماركردنی ناوەكان بۆ دووجار، تائێستا لەكۆی نزیكەی دوو ملیۆن و شەش سەدو شەست هەزار كەس كەمافی بەشداریكردنیان لەدەنگداندا هەیە لەهەرسێ پارێزگاكە تەنها ٢٥٠ هەزار كەس سەردانی ناوەندەكانی تۆماركردنی دەنگدانیان كردووە.

عەلی قادر دەروێش سەرۆكی باڵای دەستەی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان لەلێدوانێكیدا بۆ **هاوڵاتی** وتی"تا ٨/٢١ ڕێژەی ئەو كەسانەی كەسەردانی ناوەندەكانی تۆماری ناوەكانیان كردووە لەهەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆك ٢٥٠ هەزار كەسە، سەرەتا كەمتر بوو لەو ڕێژەیە بەڵام ئێستا زیادیكردووەو، ئەم زیادبوونەش دوای ئەو دووجار درێژكردنەوەیە بوو".

عەلی قادر جەختی لەسەر ئەوەشكردەوە كێبڕكێی توند هەیە لەنێوان قەوارە سیاسییەكانی عێراقداو وتی"ئەگەر بێتو ڕێژەی ناوی هەڵەی ئەو كەسانە زۆربێت كەتەئكید لەناوەكانیان ناكەنەوە بێگومان لەهەڵبژاردنەكاندا دەنگی كورد كەمتر دەبێتو ئەمەش بەشكست دەشكێتەوە بەسەر كورددار.

دەیان هاولاتی پەیوەندییان بەرۆژنامەی **هاوڵاتی**یەوە كردووە، باس لەوە دەكەن پێیانوتراوە موچەیان پێنادرێت ئەگەر نەچن لەكۆمیسیۆن لە ڕاستیی ناوەكانیان دڵنیابن.

بەڵام عەلی قادر وتی"ئێمە ئاگاداری ئەوە نین كە ئەوە بەفەرمانبەران وترابێت".

هێمن میرانی لەپەیمانگای كوردستان بۆ پرسە سیاسییەكان وتی"لەبارەی نەچوونی خەڵكەوە دوو هۆكار هەیە، یان خەڵك ئاگادار نییەو نازانێت پرۆسەكە چییە، یان توڕەییو بێزاری خەڵكە بەهۆی ناعەدالەتیەوەیە".

هێمن وتی"ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی كە ئایا حیزبە كوردستانییەكان چەند توانیویانە ئەو بەڵێنانەی كە لەهەڵبژاردنەكانی پێشوودا داویانە جێبەجێبكەن".

د.مەحمود عوسمان سیاسیی بێلایەنی كوردو ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەلێدوانێكدا بۆ **هاوڵاتی** وتی"هەڕەشەی موچەبڕین لەهاوڵاتییان كارێكی زۆر خراپە، پێویستە حكومەت لەڕێگای پێشكەشكردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی كارەباو ئاوو سوتەمەنییەوە خەڵك هانبدات بۆئەوەی بچنە بنكەكانی تۆماركردنی ناوەكانیان نەك هەڕەشەو ترساندن".

د.مەحمود بەپێویستی زانی دەسەڵاتداران متمانە لە نێوان خۆیان هاوڵاتییاندا دروستبكەنەوەو وتی"نابێت ناعەدالەت بن لەدابینكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتییان".

لەبارەی پێدانی پشتگیریی لەكۆمیسیۆنەوە بەفەرمانبەران وتی "ئەوەكارێكی نایاسایی و خراپە".

د.سەلاح عەزیز لەوتارێكدا كە تایبەت بۆ **هاوڵاتی** نوسیوە دەڵێت"گەلێ لە چاودێرە نێودەوڵەتییەكان ئاماژە بەو جیاوازییەی كە لە نێوان پرۆسەی بڕیاردان لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی كوردستاندا هەیە دەكەنو دەڵێن دیموكراسیەت زیاتر لە نێو پەرلەمانو حكومەتی عێراق پەیرەوی لیدەكرێت نەوەك لە كوردستان. وەزیرەكان و ئەندامانی پەرلەمان عێراقی بوێرانەترن لە دەربڕینی بۆچوونەكانیان گەر بێتوو جیاوازیش بێت لەگەڵ بۆچوونی پارتەكانیان، كەچی ئەمە لە نێو حكومەت و پەرلەمانی كوردستاندا نییە".

د.سەلاح عەزیز لەوتارەكەیدا دەنوسێت " لە میانەی ئەم گرژی و پێشهاتانەشدا، هەڵوێستی ئەمەریكا لە بەرامبەر كورد گۆڕاو پشتگیریی خۆی بۆ بەغدا زیاتر كرد".

**لەوبارەیەوە لە لاپەڕە ٤ دا بابەتێك بخوێنەرەوە...**



# سوپای عێراق هەڵیكوتایە سەر بارەگاكانی یەكێتیو پارتی لەقەرەتەپە

**دڵشاد ئەنوەر. گەرمیان:** سوپای عێراق دوێنێ هەڵیكوتایە سەر بارەگای حیزبە كوردییەكانو شارەوانیی قەرەتەپەو دوای داگرتنی ئاڵای بەشێك لەو حیزبانەو ئاڵای عێراقیان هەڵكردووە، هەروەها داوایان لێكردوون لەماوەی ٧٢ سەعاتدا بیناكان چۆڵبكەن و پێیان ڕاگەیاندون ئەگەر چۆلی نەكەن هێزی ((مغاویر))یان لەبەغداوە بۆ دەهێنن.

مستەفا وادی لێپرسراوی ناوچەی قەرەتەپەی پارتی لەلێدوانێكدا بۆ **هاوڵاتی** وتی"دوێنێ شەممە كاتژمێر نۆی سەر لەبەیانی سوپای عێراق هاتە سەر بارەگاكانی پارتی و یەكێتی و شیوعیو ئاسایشی یەكێتی و شارەوانیی قەرەتەپەو ئاڵای عێراقیان هەڵكرد بەبێ پرسكردن".

سەرچاوەیەكی حیزبی لەقەرەتەپە كە نەویست ناوی بڵاوبكرێتەوە بە**هاوڵاتی**ی ڕاگەیاند "سوپای عێراق ئاڵای یەكێتیان داگرت، چونكە هیچ شوێنێك نەبوو بۆ ئەوەی ئاڵای عێراقی لێهەڵواسن".

مستەفا وادی ئاماژەی بۆ ئەوەكرد كە بەرپرسانی سوپای عێراق لەناوچەكە پێیانوتون تا ٧٢كاتژمێری تر دەبێت بارەگاكانیان چۆڵبكەن و بچنە بینای ئەهلییەوەو وتی "لەكاتێكدا بارەگای حیزبە عێراقییەكان لەبینای حكومیدان، پێشیانوتین ئەگەر چۆلی ناكەن ئەوا لەبەغداوە هێزی مغاویر دەهێنین و پێتان چۆلدەكەین".

وادی ئاماژەی بۆ ئەوەكرد ڕۆژی ٨/٢٢ سوپای عێراق گوندی قەرەیاتاغی كوردنشینیان پشكنیوە كەدەكەوێتە نێوان قەرەتەپە و جەبارەوە و ویستوویانە بەزۆر ئۆتۆمبیلی هاوڵاتییەكی كوردی ئەو گوندە ببەن.

لێپرسراوی ناوچەی قەرەتەپەی پارتی باسی لەوەشكرد مەبەستی سوپای عێراق تەنها سوكایەتیكردن بووە بەكوردەكان و ئاماژەی بەوەشدا هێزەكانی سوپا داوای كارتی ساڵانەی (سەنەوی) ئۆتۆمبیلیان لەخەڵكی كردووەو وتیشی"ویستویانە بەزۆر ئۆتۆمبیلی هاوڵاتییەكی كورد ببەن، بەڵام هاوڵاتییەكە ڕازی نەبووەو دواتر تەواوی بەڵگەی ئۆتۆمبیلەكەیان بردووە".

# دوای وەرگرتنی بودجەی تەواوكاریی تائێستا نیوەی بودجەی وەزارەتەكان نەدراوە

**پ.هاوڵاتی:** وەزیری ژینگەی حكومەتی هەرێم ڕایگەیاند تائێستا كە هەشت مانگی ساڵ تێپەڕبووە، وەزارەتی دارایی نیوەی بودجەی زۆربەی وەزارەتەكانی نەداوە، لەكاتێكدا تەواوی پشكی ١٧٪ ی بودجەی لەبەغدا وەرگرتووەو ئەوەش كێشەی بۆ زۆربەی وەزارەتەكان دروستكردووە.

دارا محەمەد ئەمین وەزیری ژینگە لەحكومەتی هەرێمی كوردستان لەلێدوانێكدا بۆ **هاوڵاتی** وتی "وەزارەتەكانی دارایی بەبیانوی ئەوەی پارەكەیان لەبەغدا وەرنەگرتووە تا ئێستا كەهەشت مانگی ساڵ تێپەڕبووە، زۆربەی وەزارەتەكان هێشتا نیوەی بودجەكەیان وەرنەگرتووە، ئەوەش كێشەی بۆ دروستكردوین بەتایبەت وەزارەتە خزمەتگوزارییەكان".

وەزیری ژینگە هۆكاری ئەو دواكەوتنەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی پارەی حكومەت لای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەو لەژێر دەسەڵاتی حكومەتدا نییە.

لەبارەی ئەوەی كە وەزارەتەكانی دارایی بودجەی وەزارەتەكانی تری كەمكردوەتەوە وتی "ئێمە هێشتا نیوەی بودجەمان وەرنەگرتووە، ئیتر چوزانین كەمیدەكەنەوە یان نا".

محەمەد قەرەداغی سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران لەلێدوانێكدا بۆ **هاوڵاتی** ڕایگەیاند ئاگاداری ئەوە نییە كە بۆچی بودجەكە نەدراوەتە وەزارەتەكان و وتی "بەڵام بەپێی یاسا كە پەرلەمان تەسدیقی كردووە دەبێت تەواوی بودجەكە بدرێتە وەزارەتەكان و هەمووشی بەپێی ئەو پرۆژانەی هەیانە سەرفی بكەن".

لەبارەی كەمكردنەوەی بودجەی وەزارەتەكانەوە قەرەداغی وتی"ئەسڵەن دەبێت بودجەی وەزارەتەكان زیادبكرێت، چونكە ئێستا ئێمە بودجەی تەكمیلمان وەرگرتووە".


ڕیکلام

**هێڵكەت پێناسەی خۆتە.. ناونیشانتە.. دەنگی بیستراوتە.. بیپارێزە**

بە ئامانجی پاراستنی مافەكانی بەشداربوو ومانەوەی هێڵەكەی بە كارایی وبە پێی ڕێنماییەكانی دەسەڵاتی هەرێمی وكۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەكان. تكا لە بەشداربووانی بەڕێز دەكەین كە دەست بكەن بە تۆماركردنی ئەو هێڵانەی كە تۆمار نەكراون یان تۆماركراون بە ناوی جیاوازەوە لە بنكە سەرەكییەكانی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی كۆمپانیای ئاسیاسێل لە سەرانسەری عێراقدا.

بەڵگەنامەی پێویست:

فۆرمی بەشداریكردن (گەر هەبێت)، ناسنامەی باری شارستانی وێنەیەكی ڕەنگاوڕەنگ

سوپاس بۆ هاوكاریتان

www.asiacell.com

ئاسیاسێل


# ئاسایش دەستیكردووەتەوە بە گرتنی خوێندكارە مانگرتووەكان

**پ.هاوڵاتی:** دوای ئەوەی ئاسایشی سلێمانی خێمەی خوێندكارە مانگرتووەكانی بەشی كۆمپیوتەری زانكۆی سلێمانی لەبەردەم سەرۆكایەتیی زانكۆ ڕووخاندو ژمارەیەكیشی لێدەستگیركردن، دووبارە دەستیكردوەتەوە بەدەستگیركردنی ئەو خوێندكارانەو لەژووری ئینفرادی بەندیكردوون.

شاخەوان ناسح یەكێكە لەخوێندكارە مانگرتووەكان لەلێدوانێكدا بۆ **هاوڵاتی** وتی"ئاسایشی سلێمانی برای یەكێك لەخوێندكارەكانی دەستگیركردووە، تا خۆی بدات بەدەستەوە پاش خۆتەسلیمكردنی چەند ڕۆژێك لەژووری ئینفرادی بەندیانكردووەو داوایان لێكردووە ئیعتراف بكات لەسەر ئەوەی كە گوایە ڕەوەز كەنوێنەرمانە هانیداوە هەڕەشە لەڕاگری كۆلێژ بكات".

شاخەوان ئاماژەی بۆ ئەوەكرد پاشان ئاسایش برایەكی ڕەوەزیان دەستگیركردووە تا ڕەوەز خۆی تەسلیم بكات و وتی "ئەگەر ئاسایش كێشەیەكیان لەگەڵمان هەیە با لەڕێگای دادگاوە شكاتمان لێبكەن".

پەری جاف ڕاگری كۆلێژی زانست بە**هاوڵاتی**ی وت" ئاگاداری هیچ شتێك نیم". دواتر پەیوەندییەكەی داخستەوە بەسەر پەیامنێری **هاوڵاتی** دا.

**هاوڵاتی** پەیوەندی كرد بەعەمید حەسەن نوری بەڕێوبەری ئاسایشی سلێمانی، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێك لەسەر ئەو مەسەلەیە بدات.



**خەڵك بێهیوا بووە لەحكومەت و بەرپرسان** ل٤



**كوردستان و لەدەستدانی پرسە نەتەوەییەكانی** ل٥



**شاری غاز ئەو پرۆژەیەی هێندەی ١٠٪ی ڕووبەری بەغداد دەبێت** ل٧



**بەشێكی زۆری مووچەی ئافرەتان بۆ ئارایشتگاكانە** ل٨



**بەڕێوەبەری كارەبای سۆران: "كەسانێكی یاساشكێنمان گرت كەچی هیچ ئیجرائاتێكیان بەرامبەر نەكراو هەموویان بەواسیتە بەربوون"** ل٩



**٦٢٪ ی ژنانی كوردستان خەتەنەكراون** ل١٠



**خەم وەكو كاڵاو وەكو پیشەسازی** ل١٤



**دیدگەلێك سەبارەت بە "دەربارەی عەقڵی ئازاد"ی بەختیار عەلی** ل١٥